مەسعود بارزانی پێشوازی لە سکرتێری گشتیی هاوپێمانیی نیشتیمانیی تەقەدوم کرد

مەسعود بارزانی پێشوازی لە سکرتێری گشتیی هاوپێمانیی نیشتیمانیی تەقەدوم کرد.

بەیانی ڕۆژی سەشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023) لە سەلاحەددین، مەسعود بارزانی پێشوازی لە شێخ جەماڵ ئەلزاری سکرتێری گشتیی هاوپێمانیی نیشتیمانیی تەقەدوم عێراقی کرد".

لە دیدارەکەدا و بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی بارەگای بارزانی، بارودۆخی سیاسیی عێراق و دوا پێشهاتەکانی ناو پێکهاتەی سیاسی تاوتوێ کرا و جەخت لە بەردەوامیی هەماهەنگی و لێکنزیکبوونەوە و ڕاگەیەنەوەی نێوان لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان کرایەوە.